*Journal of Language Studies.* Vol. 5, No. 4, Summer 2022, Pages (244-255)

IRAQI Academic Scientific Journals
المجلات الأكاديمية العلمية العراقية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# place dystopian in the novel (Anfal in the dinner banquet between God and Satan)

**Asst .Shno ahmed ghafour***

**Kirkuk university – college of education**

**shnoahmed@uokirkuk.edu.iq**

**Received:** 21 /8/2022 , **Accepted:** 13 / 10/ 2022 , **Online Published : 15/ 10 /2022**

## Abstract

The place is an important part of the elements that make the technique and composition within the narrative text. The section of place in the novel always comes fully and effectively with the other features (time, event and character). With these fundamentals lies the importance of the element of place. This research is divided into two main parts, the first part is theoretical only and includes the concept of dystopia in detail and the history of its appearance in general and in the novel in particular, when did it appear? What are the reasons behind the emergence of dystopian literature? As for the second part of the research, it contains the theoretical and practical part, and it talks in general about the element of place and its types, and then its application in the novel (Anfal in the dinner banquet between God and Satan) As the novel is written in the Kurdish language and is considered one of the dystopian novels that talks about the tragedy of Anfal in detail, and we, in turn, in this part emphasize the concept of the place element Its types and application in the mentioned narration.

At the end of the research, we reached a number of results, and then a list of footnotes and sources.

**Keywords:** novel . dystopia . The place

* **Corresponding Author**: Shno ahmed**, E.Mail**: shnoahmed@uokirkuk.edu.iq

**Affiliation**: Kirkuk university -Iraq

*Journal of Language Studies.* Vol. 5, No. 4, Summer 2022, Pages (244-255)

# المكان الديستوبي في رواية ( انفال في مأدبة العشاء بين الله و الشياطين ) ل ( حسين سوران )

م . شنو احمد غفور
جامعة كركوك / كلية التربية للعلوم الأنسانية / قسم اللغة الكوردية

**الملخص:** المكان عنصر مهم من العناصر التي تصنع التكنيك والتكوين داخل النص الروائي . ان عنصر المكان في الرواية تأتي دائما بصورة كاملة وفعالة مع العناصر الاخرى حيث ( الزمان والحدث و الشخصية ) . مع هولاء العناصر تكمن اهمية عنصر المكان .
ان هذا البحث ينقسم الى جزئين رئيسيين ، الجزء الاول يتضمن الجانب النظري فقط و يشمل مفهوم الديستوبيا تفصيلا و تاريخ ظهوره عامة وفي الرواية بشكل خاص. متى ظهر و ما الاسباب الذى كان وراء ظهور ادب ديستوبي ؟؟ . اما الجزء الثاني من البحث يحتوي على الجزء النظري و التطبيقي ويتحدث بشكل عام عن عنصر المكان وانواعه ومن ثم تطبيقه في رواية ( انفال في مأدبة العشاء بين الله والشياطين ) حيث ان الرواية مكتوبة باللغة الكردية وتعتبر من الروايات الديستوبية الذي يتحدث عن مأساة الانفال بشكل مفصل ونحن بدورنا في هذا الجزء نأكد على مفهوم عنصر المكان وانواعه وتطبيقه في الرواية المذكورة . وفي نهاية البحث وصلنا الى جملة من النتائج ومن ثم قائمة المصادر .

**الكلمات الدالة :** الرواية ، الديستوبيا ، المكان .

# شوێنی دیستۆپی لە ڕۆمانی "ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شەیتانەکاندا" ی ( حسێن سۆران ) دا

م . شنو احمد غفور
جامعة كركوك . كلية التربية للعلوم الأنسانية

## پێشەکی

شوێن و ژینگەی دیستۆپی لە ڕۆمانی ( ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شەیتانەکاندا ) دا ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە ، لە میانێوە جەخت لە سەر خستنەڕووی چەمک و مێژووی سەرهەڵدانی دیستۆپیا دەکەینەوە . کەی وبۆچی و چۆن سەری هەڵداوە و چۆن پەرپوەتەوە نێو ئەدەب . شوێن توخمێکی گرنگە لەو توخمانەی کە چەندین شێواز بۆ خۆی درووست دەکات و لە پانتایی دەقدا جێگەی خۆیان دەکەنەوە . لە هەمانکاتدا شوێن بەبێ توخمەکانی ( کات و ڕووداو کارەکتەر ) ناتوانێت دەربکەوێت . بۆیە گرنگێتی شوێن هەمیشە لە گەڵ ئەو توخمانەدا دەردەکەوێ . لە تەواوی ژانەرە ئەدەبییەکاندا شوێن بوونی هەیە و لە نێو چیرۆک و ڕۆماندا

پێگەیەکی بەرچاوی هەیە . لە ڕۆمانی دیستۆپیدا شوێن وەکو پانتاییەکی ئاسایی دەرناکەوێت ، بەڵکو شوێنەکانیش دەبنە دیستۆپیا و کاریگەری لە نێو کۆمەڵگەی دیستۆپیدا دروستدەکەن ، ئەو کاریگەرییەش ڕەنگدانەوەی لە سەر کات و ڕووداو و کارەکتەرەکان دەبێت .

لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی ( وەسفی شیکاری ) کراوە و لە دووبەشی سەرەکی پێکدێت بەشی یەکەم بە ناونیشانی : ( دیستۆپیا مێژوو و چەمک و سەرهەڵدان ) لەوێدا کۆششمان کردووە تەنیا لە ڕووی تیۆرییەوە چەمکی وپێناسەی دیستۆپیا لای نووسەرە جیاوازەکان ئاماژە پێبدەین و تەواوی لایەنەکانی بخەینە ڕوو . هەرچی بەشی دووەمە تایبەتە بە : دیستۆپیایی شوێن و ژینگە و لەوێدا لە سەر ڕۆمانی دیستۆپی ( ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شەیتانەکاندا ) بە شێوەیەکی تێۆری و پراکتیکی تەواوی شوێن و جۆرەکانی شوێنی دیستۆپی و ڕەهەندەکانی لەو ڕۆمانەدا خراوەتە ڕوو .

لە کۆتاییشدا بە چەند خاڵێک کۆمەڵێ ئەنجامی گرنگمان خستۆتە ڕوو و پاشان لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان .

## بەشی یەکەم : دیستۆپیا چەمک و مێژوو وسەرهەڵدان

دیستۆپیا زاراوەیەکی یۆنانییە و لە دوو پارچە پێکاتووە(dus)واتا خراپ،پیس،دژ... و (topos) واتە شوێن، پێکەوە دەبنە شوێنی خراپ ،یاخود شوێنی ناحەز ، هەر لە بارەی زاراوەکەوە : (( لە تێرمی ئینگلیزی Dystopia –ەوە هاتووە ، کە پێکهاتووە لە پێشگری یۆنانی (dys) بە مانای نکۆڵیکردن و ڕەتکردنەوە، یان هەڵە دێ، لەگەڵ ڕەگی topos، کە بە مانای "شوێن" دێ. لە ڕووی نەژادی وشەکەوە دیستۆپیا یان دیستۆپی، بەرانبەر بە شوێنێك، جێگاییەکی تایبەتی دێ کە وێنا و هەڵکەوتێکی نێگەتیڤی هەبێ)) ( nourissier, 1997, p840,843,844 ).

(سارجنت) لە کتێبی (یۆتۆپیا) دا دۆزینەوەی زاراوەی دیستۆپیا ((دەداتە پاڵ پیاوی ئاینی فەرەنسی برۆتستانی - لویس هێنری یۆنگ-(١٦٩٤-١٧٦٢) دەڵێت : یۆنگ لە بەرهەمەکەیدا لە ساڵی -١٧٤٧-بە ناوی- یۆتۆپیا :یاخود رۆژەکانی ئەپۆلۆی زێرین- زاراوەی دیستۆپیای بە کارهێناوە)) (سارجنت ،ص١٢) ، بەڵام دیستۆپیا وەکو زاراوەیەکی ڕۆشنبیری وسیاسی بەکارنەهات تاکو ناوەراستی سەدەی هەژدەم لە زمانی ئینگلیزیدا لە سەر دەستی (جۆن ستیۆرات مێل*) دا دەرکەوت و (( یەکەمین کەس ، کە ئەو وشەیەی بە کارهێنابێت (جۆن ستیۆرات مێل)بوو ،ئەو زانایە بۆ ئەوەڵ جار لە مێژوودا وشەی دیستۆپیای لە وتارێکی پەرلەمانیدا لە ساڵی (١٨٦٨)دا بەکارهێنا بۆ وەسفکردنی بارودۆخی کۆمەڵگای بەریتانی ئەو سەردەمە))(شەریف ، ٢٠٠٩ ، ل١١) .کەواتە ئەدەبی دیستۆپی ڕەنگدانەوە یاخود پێشبینیکردنی بارێکی کۆمەڵایەتی وسیاسی خراپ بووە و بۆتە ئەدەبیاتی کۆمەڵگە پیسەکان و لە هەندێ سەرچاوەکاندا بە ئەدەبی پێشبینیکاریش ناسراوە.

لە فەرهەنگی(oxford dictionaries)دا بەم شێوەیە باسکراوە: دیستۆپیا (dystopia) لە یۆنانییەوە هاتووە: ((ناوە بۆ شوێنێکی خراپ وپیس ، هەموو شتێک لەو شوێنەدا دژە)) (oxford, 2017,p 4 ) .کەواتە زاراوەکە دەلالەتە لە شوێن ،شوێنێک دەسەڵاتێکی توند و تیژڕەو بە ڕێوەی دەبات. شوێنێکی پڕە لە خراپەکاری ،ئەو خراپییەش لە ئەنجامی زاڵکردنی ئەو یاسایانەیە کە بە هەموو جۆرێک لە خوو و ڕەوشتی مرۆڤایەتی دابڕاوە ، بۆی هەیە ئەو شوێنە ئێستا بوونی هەبێت ، یاخود لە ئایندەدا درووست ببێت. هەرچەندە پێش (جۆن ستیۆرات مێل)(( بیرمەندی ئینگلیزی -جێرمی بینثام ١٧٤٨- ١٨٣٢ – بە نزیکەی پێنج سەدە پێش مێل لە (١٨١٨)دا باسی شوێن وشارە خراپ ونەفرەتلێکراوەکانی کردبوو ، بەڵام لە ژێر ناوی (کاکۆتۆپیا ) وەکو پێچەوانەی یۆتۆپیاش بە کاری هێنابوو ))(مراد ، ٢٠٢١ ، ص٢١) .پاشان زاراوەی (کاکۆتۆپیاcacotopia) لەلایەن نووسەری ئینگلیزی (جۆن ئەنتونی وێلسن )، کە خاوەنی ڕۆمانێکی دیستۆپییە بە ناوی –پرتەقاڵێکی ئۆتۆماتیکی- و لە لایەن –ستانلی کۆبریک-ەوە کراوە بە فیلمێک بە ناوی-A clockwork orange - دەڵێت : (( ئەمە باشترین

زاراوەیە بۆ ڕۆمانی ١٩٨٤ی جۆرج ،چونکە شێوەی دەربڕینی ئەم گوتنە زۆرلە دیستۆپیا ناشرینترە ))(شتاالعشری ، ٢٠٢٠ ، ص٢٨١) .بۆ ماوەیەکی زۆر زاراوەی کاکۆتوپیا بەکار هات ، کەچی دواجار زاراوەی دیستۆپیا بە تەواوەتی شوێنی گرتەوە.

کاتێ (ستیۆرات مێل ) ئەم زاراوەیەی بەکارهێنا مەبەستی : (( دەرخستنی خراپی سیاسەتمەدارانی حوکمڕانی بەریتانیا بوو، لە بەرانبەر داگیرکردنی زەوی ئێرلەندییەکان ، بۆیە دەڵێت : نابێت بە ئەمانە بڵێن تۆباوییەکان ،دەبێت پێیان بووەترێت دیستۆپییەکان))(شتاالعشری ، ٢٠٢٠ ، ص٢٨١) . مێژووی دیستۆپیا بۆ دوو کاری ئەدەبی سەدەی هەژدەم دەگەڕێتەوە ((سەرەتا وەك چیرۆك ساتیرێك دەردەكەوێ وەك تەنزێك دژ بە کارە ئەدەبییە یۆتۆپییەکان بەکارهاتووە ، بەنموونەی "گەشتەکانی گولیڤەر"ی "جۆناتان سویفت" و ڕۆمانی پێشبینیکار و بە میللیکراو "لووی سێباستیان مێرسیێ" بە ناوی ڕۆمانی"ساڵی 2440")) ( nourissier, 1997, p840,843). بەڵام دیستۆپیا (dystopia) تەشەنەی نەکرد تا سەدەی بیستەم ،ئەوەش لە گەڵ سەرهەڵدانی دیستۆپیای مۆدێرن بوو لە میانی ئەو کارەساتانەی لە نیوەی یەکەمی ئەو سەدەیە سەریان هەڵدابوو لەوانە: (( سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤_١٩١٨) و جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩- ١٩٤٥) وبڵاوبوونەوەی پەتای ئەنفلەونزا و پاشان شەڕی کۆریا وڤێتنام))(شتاالعشری ، ٢٠٢٠، ص٢٨٢) ....هتد لە ڕووداوە ناخۆشەکانی سەدەی بیستەم کە کاریگەری بەرچاوی لە سەر ئەدەب هەبوو وتەواوی بابەتەکانی بەرەو دیستۆپیا بردبوو ،هەر لەو کاتانەدا ڕێژەیەکی زۆری بەرهەمی دیستۆپی سەری هەڵدا لەوانە: ڕۆمانی (ئێمە- we) لە نووسینی (یەڤگینی زامیاتین) ی ڕووسییە و لە (١٩٢١)دا نووسراوە لە (١٩٢٤)بڵاوکراوەتەوە، ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە باسی داهاتوو دەکات ،داهاتوویەکی ترسناک هەموو ژیانی مرۆڤایەتی دەبێتە ڕۆبۆت وژمارە ، لە نێو ئەو ڕۆمانەدا باسی : (( نەبوونی پرۆسەی هاوسەرگیری دەکرێت ، چونکە لە دەوڵەتی تاکدا دەژین ،هەموو ساڵێک هەڵبژاردن دەکرێت بۆ هەمان کەس وسەردەکەوێ ،یاسای ئەو وڵاتەش ئەوەیە ،کە خۆشگوزەرانی لە گەڵ ئازادی یەک ناگرێتەوە))(مراد ، ٢٠٢١، ص٨٨) دوابەدوای ئەوەش ڕۆمانە بە ناوبانگەی (ئەلدۆس هیکسلی) دێت کە بە ناوی (جیهانێکی نوێی بوێر - Brave new world )ە و لە ساڵی "١٩٣٢"دا نووسراوە بە هەمان شێوە باسی داهاتوو دەکات و دواجار زانست وتەکنەلۆژیا کۆنترۆڵی هەموو مرۆڤایەتی دەکەن، هەر لە سییەکاندا ڕۆمانی (شەوی خاچە چەماوەکە-swastika night) لە نووسینی (کاثرین بۆردیکین - لە١٩٣٧)دا نووسرا ،باسی سەردەمی ئەڵمانیای نازی و هێتلەر دەکات و ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە تووندوتیژیی دەسەڵات و هەژرای وبرسێتی وململانێی ئایدیۆلۆژی دەشێت هۆکاری سەرەکی بن بۆ دروست بوونی

دیستۆپیا ، بەڵام دەبێت جیاوازی بکرێت (( لە نێوان ئەدەبیاتی دیستۆپی وئەدەبیاتی کۆتایی جیهان (Apocalypsc) چونکەئەدەبیاتی کۆتایی جیهان چارەسەری کێشەیەکی سروشتی بایەلۆژی دەکات ،بەڵام ئەدەبی دیستۆپی کۆتایی جیهان نییە، بەڵکو کۆتایی مرۆڤایەتییە)) Encyclopedia Britannica .(https :// www. Britannica.com\ biography \ George – orwell).

مێژووی بڵاوبوونەوەی دیستۆپیا وەک ئاماژەمان پێکرد زیاتر لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بوو،فاکتەری سەرەکیش بۆ بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیا وزانست بوو ،ئەگەر لە سەردەمی ڕۆشنگەری ، زانست ، خەونی یۆتۆپی لە لای تاک درووست کردبێت ، ئەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا زانست وتەکنەلۆژیا بوونە هۆی درووست بوونی کۆمەڵگەیەکی دیستۆپی ،کۆمەڵگەیەکی نا ڕوون وتاریک وچەندین مەدلول هەڵگرێ ، بۆیە (لایمان تاور سارجنت) دەڵێت : فەلسەفەی یۆتۆپی خاوەنی سێ ڕەهەندە :ئەدەبی ، کۆمەڵایەتی ،ئایدیۆلۆژی ،بەڵام ناکرێت باسی فەلسەفەی دیستۆپیا بە هەمان شێوە بکەین ، چونکە وەکو ـڕۆس لیڤاتاس ـ دەڵێت : ((مەرج نییە دیستۆپیا خەیاڵ بێت، بەڵکو سووتانی دارستانەکان وکونەکەی ئۆزۆن

و توانەوەی بەستەڵەکەکان ، گەورەترین دیستۆپیان لەم سەردەمەدا ))( ruth , 1999, p195 )واتا ئەدەبی دیسـتۆپیا وێنا کردنی کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی یاخود واقیعی پڕ گەندەڵییە، هیچ ئاکارو ڕەوشتێکی تێدا نییە ، پشێوی وبێ سەروبەری تێدا بڵاوە ، هیچ پانتاییەک بۆ خێرنییە، تەنیا شەڕو خراپە دەسەڵاتدارن ،ئەو کۆمەڵگەیەش بەردەوام پڕە لە کوشتن ونەخۆشی ودزی ودەسەڵاتێکی دیکتاتۆرییانە و کارەساتی ژینگەیی ، تەنانەت (( (الاحترار السیاسی) ناوێکی تری ئەدەبیاتی دیستۆپی بوو، کە مەبەست لەو دەستەواژەیە : ئەو ئەدەبەیە ،کە بەردەوام هەوڵی دۆزینەوەی کێشەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ دەدات ))( العتیبی ، ادب المدینة الفاسدة ) www . . makkah news paper. Com

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم ڕەشبینی ونائومێدی بەشێکی فراوانی جیهانی دیستۆپیا پێکدێنێت ولای نووسەران و شاعیرانی ئەوروپا دیستۆپیا لەبەر هەمەکانیاندا دەردەکەوێت بە نموونە : لای (بایرۆن) لە بەریتانیا و (مۆسیە) لە فەرەنسا و(هینی) لە ئەڵمانیا ،تەنانەت لای مۆسیقارەکانیش هەمان ڕەشبینی بەدی دەکرێت وەکو لای: (شۆبرت ،شۆپان ، بیتهۆڤن) ، لە نێو شانۆشدا تاریکی جیهانی دیستۆپی لە شانۆی (مرۆڤ نموونەی ئامێرە)ی شانۆ نووسی چیکی (کارل تابیک )دا دەرکەوتووە . هەروەها (( لە ئەدەبی فەرەنسی سەردەمی جەنگەکان، وەك ئەدەبی ڕووخاو- Decadence – دەرکەوتووە و باسی ڕۆچوونی کۆمەڵایەتی و دەروونی و فیزیکیی کۆمەڵگا دەکات ،بە نموونەی ڕۆمانی "دۆزەخ"ی (هێنری باربۆس)، لە ئەدەبی سوریالیزم و ئەدەبی بەرگری فەرەنسیشدا دیستۆپیا هەیە، وەك لە ڕۆمانەکانی ئەندرێ مالرۆ و زۆری تر)) دا دەبینرێت. ((nourissier, 1997, p840,843,844) .

ئەوەی زیاتر ڕێگەی بۆ بلاوبوونەوەی بیری ڕەشی دیستۆپی خۆشکرد ، دەرکەوتنی فەلسەفە ڕەشبینییەکەی (شۆپنهاوەر)بوو، کە هۆکارەکەی بۆ تەنیایی خۆی وتوڕەبوونی لە ژیان دەگەڕێتەوە (شۆپنهاوەر) پێی وایە: (( سروشتی ژیان پڕە لە شەڕ، گەوهەری بوونیش بۆ خۆی شەڕە ،خۆشییەکان ڕێژەیین ،ئەو خەیاڵانەش دەیکەین جۆرێکە لە وەهم . (نیچە)ش وەک فێرخوازی شۆپنهاوەر دەرکەوت و بە تەواوەتی بۆچوونە ڕەشبینییەکانی لە بارەی ژیانەوە خستە ڕوو ))(عزیزي ، ص١٥ ، ١٣٩) . دوا بە دوای سەرهەڵدانی فەلسەفەکەی (شۆپنهاوەر ونیچە) ڕەشبینی ونائومێدی لە زۆربەی ژانەرە ئەدەبییەکاندا ڕەنگی دایەوە ، بەشێکی گەورەی ئەو نائومێدییەش لە چیرۆک وڕۆمانەکاندا دەرکەوتن ، کە وێنای ژیانیان بە خراپترین شێوە کرد وەکو ئەوەی داهاتوویەکی ڕەش چاوەڕوانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکات ،ئەو نائومێدییەش ڕۆمانی دیستۆپی هێنایە ئاراوە. ڕێژەیەکی زۆری نووسەرانی ئەوروپا کۆکن لە سەر ئەوەی ڕۆمانی(( جیهانەکەی تر و خودی جیهان- نووسەری ئینگلیزی –جۆزێف هۆڵ- کە لە ساڵی (١٦٠٧) دا نووسراوە یەکەمین ڕۆمانی دیستۆپییە ، کە وەسفی جیهانێکی ئایندەیی دەکات ، ئەو جیهانەش دابەشی چەند هەرێمێک کراوە و هەر هەرێمێک بە سیفەتێکی چەوتی پیس دەناسرێتەوە))(عواد ،٢٠٢١ ، الدیستوبیا فی الادب والمسرح عالم من القمع والرعب) https://alarab.co.uk

لە گەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازیدا ئەدەبی دیستۆپی زیاتر ناوبانگی دەرکرد بە تایبەت کاتێک جیاوازیی چینە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان چینی کرێکار وچینی بورژوازی تەشەنەی سەند ، ئا لەو ساتانەدا ئەدەبیات نوقمی ڕەشبینی بوو. یەکێکی تر لەو ڕۆمانانەی لەسەرەتای سەدەی ڕابردوو نووسراوە ڕۆمانی (پاژنە ئاسنینەکان)ی نووسەری ئەمەریکی (جاک لەندەن)ە کە لە ساڵی (١٩٠٨) بڵاو کراوەتەوە ، واتا پێش ڕۆمانی ( ئێمە ) ی (زامیاتین) نووسراوە . ئەم ڕۆمانە باسی ستەمی سەرمایەداری فاشیستی سیستەمێك دەکات ، کە خەڵکی بێبەزەییانە دەچەوسێنێتەوە .

پاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی ئەدەبیات پڕ دەبێت لە بابەتی دیستۆپی و ڕۆمانی دیستۆپی زۆر دەنووسرێت ، وەکو ڕۆمانی(١٩٨٤)ی (جۆرج ئۆرویل) کە لە ساڵی (١٩٤٨) نووسراوە . بەبۆچوونی زۆربەی ڕۆماننووسان ئەم ڕۆمانە تەواوترین ڕۆمانی دیستۆپییە وهەندێکیش

دەڵێن یەکەمین ڕۆمانی دیستۆپییە . نووسەر تیایدا پێشبینی ئەو داهاتووە خراپە دەکات ، کە ڕووبەڕووی ئەوروپا دەبێتەوە ((حیکایەتی ئەو ڕۆمانە باسی جیهانێک دەکات برایەک دەستی بەسەردا دەگرێ و پێیدەڵێن برا گەورە ، لە هەموو شوێنێکیش وێنەی ئەو برا گەورە هەڵواسراوە و لە خوارەوەی وێنەکە نووسراوە برا گەورە بە دواتەوەیە . وێنەی چاوەکانی برا گەورە بە شێوەیەک کێشراوە وەک ئەوەی لە هەموو لایەکەوە چاودێری بکات ، ئامێرێک بۆ چاودێری کردنی خێزانەکان لە نێو ماڵەکانیاندا دانراوە ، لە ئاسمانیش تیشکێک بە ڕەنگی شین دەردەکەوێت و لە پەنجەرەکان دەدات ئەمەش هەر بۆ چاودێریکردن بوو ))( اورویل ، ٢٠١٣) .ڕۆمانەکە دەرخەری سیستەمێکی داگیرکارییە ، تەنانەت داگیردنەکە دەگاتە ڕادەی شتە وردەکانی ژیانی تایبەتی ، ئەم ڕۆمانە وێناکردنی شەڕێکی دەروونی توندە ، بۆیە زۆربەی نووسەرە ئەوروپییەکان شیکردنەوەیەکی وردیان بۆ سیاقی واتایی ئەم ڕۆمانە کردووە، یەکێک لەوانە :(زیجمۆنت باومان) بوو دەڵێت : (( ئەوەی ئۆرویل باسی دەکات بە تەواوەتی لە ڕووسیا لە سەر دەستی (پۆتین) بەرجەستە بووە و ئەو برا گەورەیەش خودی (پۆتین)ە ، کە سیستەمێکی توندڕەو پەیڕەو دەکات و ئۆرویل بە دووفاقیی هزری ناوی دەبات))( باومان ، و دونسکیس ، ٢٠١٨، ص٩٨) .

بە گشتی نووسەرانی ڕۆژئاوا کاتێ دەستیان بۆ ئەدەبی دیستۆپی برد ئاراستەی پەیامەکەیان بە سێ جۆر خستە ڕوو :-

یەکەم :ڕەخنەیەکی ڕاستەوخۆ بوو لە شاری نموونەیی (یۆتۆپیا) ،چونکە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ڕێک وسیستەماتیک و هەڵگری یەک جۆر بیرکردنەوە بێت و هەمووان لە ژێرسایەی یەک دەسەڵاتدا بن ، ئەوە بێگومان بەشێکی تری ئەو خەڵکە تووشی کێشەو ونەخۆشی دەکات ، چونکە مەرج نییە ژیانی سیستەماتیک بۆ هەموو کەسێک گونجاو بێ .

## بەشی دووەم : شوێن و ژینگەی دیستۆپی

شوێن توخمێکی گرنگی ڕۆمانە و زۆربەی توخمەکانی تر بە خۆیەوە پەیوەست دەکات ، لە ڕۆمانی کۆندا شوێن تەنیا شانۆیەك بۆ پێشکەش کردنی ڕووداوەکان و پانتاییەکی ڕەق وبێ هەست بووە ، کە چی لە ڕۆمانی نوێدا ڕۆڵی پێ بەخشرا تەنانەت ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی وەرگرت . شوێن لە نێو دەقی ئەدەبیدا بایەخی زۆری هەیە و هەڵبژاردنی شوێنیش ڕەها و تەنیا بۆ پیشاندانی بەهای جوانییەکەی نییە ، بەڵکو پەیوەندی بە بۆچوونی نووسەرەکەوە هەیە و زۆر جار نووسەران بە پێی هزر و بۆچوونی خۆیان مامەڵە لە گەڵ شوێندا دەکەن و لایەنە نەرێکانیشی دەخەنە ڕوو .

لە وەسفکردنی شوێنی نێو ڕۆماندا هەست بە نیگار کردنێکی سەیر دەکرێت ، زۆر جار ئەو نیگار کردنە دەمانخاتە بەردەم وەهمی واقعییەتی شوێنەکان ، بۆیە دەتوانین بڵێین توخمی شوێن (( میانەی وەسف کردنەوە دەست پێ دەکات))(العانی ، ٢٠٠٠ ، ص١٧) . وەسفی شوێنەکان لە نێو ڕۆماندا لە ڕووی دەروونییەوە زۆر گرنگە و هەر بۆیە لە ژیانی مرۆڤدا شوێن بۆتە ماڵی یادگارییەکان ، کەچی ناوهێنانیان بە تایبەتی ناوی ڕاستەقینەی شوێنی ڕۆمان هیج ڕەهەندێکی حە قیقی بە شوێن نابەخشێت و ئەو ناوهێنانە تەنیا بۆ دروستکردنی پانتاییەکی دەروونییە تاکو بڕوا بە وەرگر بهێنێت ، کەوا ڕووداوی ڕاستەقینە لە شوێنی ڕاستەقینەدا باس دەکات و مەدلولێکی ئیستاتیکیش دەبەخشێت ، بەوەی بەشێك لە یادەوەرییە جوانەکان بە شوێنەوە بەستراون. (گاستۆن باشلار) لەم ڕووەوە دەڵێت : ((ئەو شوێنەی سەرنجی خەیاڵ بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت ناکرێت هەمیشە شوێنێکی پەراوێز خراو بێت ، چونکە شوێنێکە مرۆڤ تێدا ژیاوە نەك بە شێوەیەکی کاتی ،بەڵکو بە هەموو هێزێکی فەنتازییەوە ))( باشلار ،١٩٨٠ ،ص١٧٩) ، بۆیە شوێن دەبێتە ئەو توخمەی نهێنی ڕووداوەکان لە خۆدەگرێ.

شوێن جگە لەوەی خاوەنی ڕەهەندێکی دەروونییە ، لە هەمان کاتدا ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە (یاسین النصیر) لە پێناسەیەکدا دەڵێت : ((بۆ شوێن تیگەیشتنێکی ڕوونم هەیە ، ئەو توخمێکی کۆمەڵایەتییە و دەبێتە دەرخەری پەیوەندی نیوان مرۆڤ وکۆمەڵگەکەی، بۆیە

وەك هەر چەمكێكی كۆمەڵایەتی هەڵگری بەشــێكە لە ئـاكـارو وهزر و بیروبـاوەری نیشتەجێكانی))(النصیر ، ٢٠١٠ ، ص٧٠) . كەواتە شوێن خاوەنی ناسنامە و هەڵگری دەلالەت ودەسەڵات و سیستەم و ڕەهەند و سروشتی خۆیەتی . چۆنێتی تەوزیفكردنی توخمی شوێنیش پابەندە بە بیر فراوانی وهۆشـیاری نووسـەر و چاوكراوەیی بەرانبەر بە جووڵەكانی شـوێن . هەر بۆیە تەنیا بەرد و خاک و ڕووبار وخۆڵ نییە ، بەڵكو بەشــێكە لە ڕەهەندەكانی ژیان و هزرە پۆرترێتەكانی ئێمە .

**جۆرەكانی شوێن لە ڕۆمانی : ئەنفال لە ئێوارە خوانێكی خودا و شەیتانەكاندا :**

نووســەران ورەخنەگران لە دیاری كردنی جۆرەكانی شــوێنی نێو ڕۆمـان بیرو بۆچوونی جیـاوازیـان هەیە و هەر یەكیـان لە گۆشــەنیگایەكەوە ئـاماژەیـان بە جۆرەكـانی داوە . لێرەدا هەوڵدەدەین لە سێ ڕوانگەوە شوێنی نێو ئەم ڕۆمانە دیستۆپییە پۆلێن بكەین :

**١- لە روانگەی هەبوونەوە شوێن دابەش دەبێتە سەر :**

**أ – شـوێنی خەیاڵی (یۆتۆپی- فەنتازی ) :** ئەو شـوێنانەیە كە بوونی ڕاسـتیان لە سـەر زەوی نییە و لە داهێنی هزرو خەیاڵی ڕۆماننووسـە شـوێنێكی نابەرجەسـتەیە و لە واقعییەتی شـوێندا بوونی نییە ، ڕۆمـاننووس دركی پێدەكـات بێ ئەوەی لە نێویـدا ژیـابێـت زۆر جـار شــوێنە خەیاڵییەكان ، كە ڕۆماننووس دایدەهێنێ لە یادەوەری نووسـەردا شـوێنی حەزی ئەو بووەنە ، یان هەندێک جار لە بەر پێویستی حەكایەتەكە و گونجانی لە گەڵ ڕووداوەكاندا نووسەر شوێنی فەنتازیی درووسـت دەكات ولە گەڵ ڕۆڵەكان دەیانگونجێنێت ، ئەو شــوێنە فەنتازییەش بۆی هەیە شـوێنی حەز یاخود ناحەز ، یان شـوێنی كراوە یاخود داخراو بێت بە پێی سـیاقی دەقەكە. واتا ئەم جۆرە شــوێنە لە نێو ڕۆماندا بە یەک شــێوە نامێنێتەوە بەڵكو بە پێی دۆخگۆڕینەكان دەگۆڕێت .

**- شــوێنی یۆتۆپی لە ڕۆمانی ( ئەنفال لە ئێوارە خوانێكی خودا و شــەیتانەكاندا ) :** لە گێرانەوەی ئەم ڕۆمانەدا شـوێنەكان زیاتر شـوێنی واقعین ، چونكە ڕووداوەكان واقعین ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشــدا چەند شــوێنێكی یۆتۆپی بوونیان هەیە . كە نووســەر لەبەر پێویسـتی دەقەكە دایهێناوە . لە زاری ( دڵداری مەلەک خاتوون) ەوە هاتووە : (( قاوەخانەكەی ماهیش لە نێوان ئەرز و ئـاسمان بە دڵی ماهی ودڵدارەوە ڕاگیرابوو ! بە تەنافی ڕیخۆڵەی ئێسكەپەیكەرێكەوە ، نێوان گوندەكانی پێكەوە دەبەسـت ))(ئەنفال لە ئێوارە خوانێكی خودا و شـەیتانەكاندا . ل١٤٢) لێرەدا قاوەخانەكەی ماهی شــوێنێكی یۆتۆپی داخراوە و هەڵگری ڕەهەندێكی دەروونییە . دەنا لە واقیعدا هیچ قاوەخانەیەكی سەرزەمین بەو شێوەیە نییە . لە پەرەگرافێكی تردا ئاماژە بە چەند شــوێنێكی نـاحەزی یۆتۆپی دەكـات . (دڵدار) دەیگێڕێتەوە : (( لە شــــاری قوتوی ڕەش و تابوتەكانی ژێر زەمینیش ، سـیحری هەسـارەكان بە پانتای دەریای لم لە تاریكیدا ڕاكشـابوو ! مانگە شـەوەكەش كە بە چوار دەوری خۆیدا موروو زەنگیانە و نقێمی هەسـارەكانی لە سـەر سـنگی خۆی نەخشـاندبوو ))(ئەنفال لە ئێوارە خوانێكی خودا و شـەیتانەكاندا. ل١٥٥) . لێرەدا (شـاری قوتوی ڕەش و دەریای لم ) وەكو دوو شـوێنی یۆتۆپی ناحەز دەركەوتوون و لە گەڵ بارودۆخی دەروونی كارەكتەری سەرەكیدا ناگونجێن .

**ب – شـوێنی واقیعی ( ڕیالیزمی ) :** مەبەسـت لێی ناوهێنانی ڕاسـتەقینەی ئەو شـار ودێهات وگوندانەیە ، كە لە ســەر نەخشــەی جوگرافی وڵاتانی دنیا بوونیان هەیە .ناوهێنانی ڕاســتی شارەكان مانای ئەوە ناگەیەنێت شارێك وەكو شاری ڕۆمان ئاساكە لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەیە ، بەڵكو تەنیا بۆ ئەوەیە قەناعەت بە خوێنەر بكات ، كەوا ڕووداوی ڕاسـتەقینە لە شـوێنی ڕاسـتیدا دەخاتە ڕوو و ئەم جۆرە شـوێنە وادەكات وەرگر لە ڕێگەی زەینەوە وێنای دیمەنی ئەو شوێنە بكات و بە پێش چاویدا تێپەڕێت و زۆرجاریش ناوهێنانی ڕاستی شـوێنەكان گوزارشت لە شوناس و كەلتوری نووسەر دەكات .

**- شــوێنی واقیعی لە ڕۆمانی ( ئەنفال لە ئێوارە خوانێكی خودا و شــەیتانەكاندا ) :** لەم ڕۆمانەدا شــوێنەكان زیاتر ڕیالیزمین ، ناوی زۆر شــــار و گوند وبیابان هاتووە وەكو : (

کوردستان ، پاریس ، ئۆکرانیا ، کەرکوک ، سلێمانی ، خورماتوو ، گەرمیان ، شانزەلیزیێ ، مۆزەخانەی لۆڤەر ، بەغدا ، بەصــرە ، نەجەف ، ســەماوە ، بیابانی نوگرە ســەلمان ، بیابانی عەرعەر ، ڕومادی ، کەربەلا ، حلە ، ناصریە ، سامەڕا ، شەت لعەرەب ، موصڵ ، تکریت ، مەیخانەی ام الغزالی .....هتد ) . لە ســەرەتای ڕۆمانەکەدا ( هەریاری ڕەیحانەی میناســاز) ناوی چەندین شوێنمان بۆ دەخاتە ڕوو ، کە هەر یەک لەو شوێنانە لای کارەکتەرەکان هەڵگری ڕەهەندێکی دەروونی مێژووی فراوانن . دەگێڕێتەوە : (( تاکە خەمی منیش نمایشــکردنی تابلۆکەی ســوهراب بوو ، ئیدی باکی دیپۆرتکردنەوەی کەســم نەبوو ، بەڵکو خەونی ئەو شــێوەکارە مەزنە بە دی بێنم ، کە چەند ڕۆژ پێش هاتنم بۆ پاریس لە تەقینەوەیەکی ناکاودا لە کەرکوک گیانی لە دەســتدابوو !! لە ناو هۆڵەکەدا بەردەوام چاوم بۆ کاتیا ئۆکرانی دەگێڕا . کە ڕۆژی پێشوو لە شەقامی شانزە لیزیێ لە پاریس بینیم ، بە خۆی و تابلۆکانی جیدیسلاڤەوە، بە بینینی تابلۆکانی جیدیســلاڤ ئیدی گڕێ کوێرەی چەندان ســاڵەی ئێســکەپەیکەرەکانی نوگرە ســەلمانم دەســکەوت )) (ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شــەیتانەکاندا . ل٨-٩). لێرەدا ( کەرکوک و پاریس و شانزەلیزیێ و ئۆکرانیا و نوگرە سەلمان ) هەموویان شوێنی ڕیالیزمین وهەر شــوێنێکیش هەڵگری چیرۆکێکی دەروونییە و بەشــێکیان شــوێنی دیســتۆپین وەکو ( نوگرەسەلمان ) . یان لە شوێنێکی تردا ئاماژە بۆ شاری بەغدا دەکات و بە بوونی بەعسێکانی دەبەستێتەوە وشانازی بەبوونی بەغدا و بەعسێکانەوە دەکات . لە دیالۆگێکی نێوان (حەجاج و سەمرە ) دا حەجاج دەڵێت : (( ئەم بەغدایەی تۆ دەیبینی ، بە بێ ئێمەی بەعسێکان ناشرینترین وڵاتی دونیایە ! ئەم خاکە بە من و هاوڕێکانمەوە جوانە ســەمرە ، بە خوێن و جەســتەی ژنەکانییەوە دەڕوات و هەناســە دەدات ! ئەگینا کەس ناتوانی یەک ڕۆژ حوکمی ئەم بەغدایە بکات !)) ( ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شــەیتانەکاندا . ل٩٤) لە میانی ئەم دیالۆگەوە ڕۆماننووس پەیوەندی نێوان شوێن و تاک دەخاتە ڕوو ، وەک ئەوەی شوێن خاوەنی ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی بەرز بێت ، بۆیە زۆر جار لە نێو ڕۆماندا دەبێت ڕۆماننووس ڕەچاوی ئەم هەماهەنگییە لە نێوان کارەکتەر و ڕووداو و شوێندا بکات . لێرەدا بەغدا بە نیسبەت کوردەوە شــارێکی دیســتۆپییە و دژە ، بەڵام بە نیســبەت بەعســێکانەوە شــوێنی حەز و بەجێ هێنانی ئارەزووەکانیانە و لەهەمانکاتدا شوێنێکی ڕیالیزمییە .

**٢ ــ لە ڕوانگەی هۆگرییەوە ( کە ڕەهەندە دەروونییەکە و هەستی کارەکتەر بەرانبەر شوێن لە خۆدەگرێت ) دابەش دەبێتە سەر :**

**أ - شوێنی هۆگر ( حەز ) :** ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ تێدا دەژیت وهۆگری لە گەڵ پەیدا دەکات و تەواوی حەز وخۆشــییەکانی بەو شــوێنەوە پابەند دەبێت و دەبنە بەشــێک لە یادەوەرییە جوانەکانی و ((هەستەکانی و پێویستییە ڕۆحییەکانی لەو شوێنەدا تێر بووە و هزر و یادگاری و خەونەکانی تیا ئاوێتە بوون ، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەو ژینگانەدا ســەریان هەڵداوە و گەشــەیان کردووە ))( سالح ، ٢٠١١ ، ل١٠٤) . شوێنی هۆگر زۆر جار لە نێو ڕۆماندا لە بەرجەستەکردنی ماڵی مندالیدا خۆی دەبینێتەوە . بەم شێوەیە شوێنی یۆتۆپی و ریالیزمی بۆیان هەیە شوێنی هۆگر وناهۆگر بن . لە ڕۆمانی دیستۆپیدا شوێنی حەز کەمە ، چونکە ڕووداوەکان دیستۆپین مەگەر بۆ دوژمن و نەیارەکان نەبێت ، لە بەرانبەردا شوێنە ناهۆگرەکان لە ڕۆمانی دیســتۆپیدا ئێجگار زۆرن . کەواتە هۆگری وناهۆگری شــوێن موتڵەق نییە ، بەڵکو ڕێژەییە ، لای تاکی کورد (نوگرەســەلمان) شــوێنێکی ناهۆگرە ، بەڵام بە نیســبەت بەعســەوە شــوێنی بە دەســتهێنانی غەنیمەیە . بۆیە لە ڕۆماندا مەرج نییە هۆگری وناهۆگری شــوێن لە لای تەواوی کارەکتەرەکان وەک یەک بێت .

**- شــوێنی هۆگر لە ڕۆمانی ( ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شــەیتانەکاندا) :** لەم ڕۆمانە دیســتۆپییەدا ناوی دووشــوێنی هۆگر هاتوون . دوو گوندی کوردســتانە و لەلای کارەکتەری ســەرەکی و هەندێک لە کارەکتەرە لاوەکییەکان وەک شــوێنی حەز دەرکەوتوون و شــوێنی

یادەوەریی و خۆشـییەکانە ئەویش گوندی ( ڕێواسـان و کانیاو ) ە ، کە دوو شـوێنی سـروشـتی کوردستانن لە ڕۆمانەکەدا . ( دڵداری مەلەک خاتوون ) لە وەسفی ڕێواساندا دەیگێڕێتەوە : (( دەبێت لە گەڵ وردەکاری گوندی ڕێواسـانی شـاعیر ئاشـناتان کەم ، ڕێواسـان دارودرەخت و بژوێنەکانی شیعر بوون ! دەنگی ڕوبار و مرۆڤ و ئاژەڵەکانیشی هۆنراوەی پاراوی دڵ بوو ! ناکرێت بەر لەوەی بچینەوە قوڵای بیابانەکە نەزانن لە ڕێواسـان چی سـۆزی ئەوینێک ...چ دەنگێکی خۆشـی گۆرانی سـرود و دەنگی عاشـقانەی هەبوو، لە ڕێواسـانی شـاعیر ژیان عادەتێکی خۆشبوو . لە ڕێواسان ماهی کۆساری عیشق و داستانی نەمری و جوانی کچی سەر ڕوباری شینی لێبوو )) (ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شـەیتانەکاندا .ل٥٢) . لە میانی ئەم پارەگرافە وەسفییەوە بگێڕەوە بە گوندی ( ڕێواسان ) مان ئاشنا دەکات و وەک شوێنی حەزی کارەکتەری سـەرەکی دەرکەوتووە . گوندی ( کانیاو ) یش وەک شـوێنێکی تری حەز ە و کەوتۆتە سەر ڕووباری شین . لە دیالۆگی نێوان ناسکە باڵابەرز و هاونازی زانکۆدا هاتووە : (( جارێ لە کوێتە ناسـکۆڵەی شـار ... بەس فێری ژیانی سـەر ئەم ڕووبارە بیت ،، ناتوانی وازمـان لێ بێنی!! نـاشـتوانی ئێرە بە جێ بهێڵی !)) ( ئەنفـال لە ئێوارە خوانی خودا و شـەیتانەکاندا .ل٢١٠) لێرەدا گوندی کانیاو شـوێنی حەزە و خاوەنی ڕەهەندێکی دەروونی ومێژوویە ، شوێنی جێژووانی دەیان عاشق و شوێنی شەهیدبوونی چەندان پێشمەرگە بووە . کەواتە هەسـتی هۆگری بەرانبەر ئەم دوو شـوێنە پەیوەندی بە چێژ و خۆشـییەوە هەبووە ، لە هەمان کاتدا ئەو دوو شوێنە ڕەهەندێکی مێژوویيان تۆمارکردووە و شوێنی بەرگریکردن بووە لە خاک و نیشتمان .

**ب – شوێنی ناهۆگر ( ناحەز- دژە شوین ) :** مرۆڤ لەو شوێنانەدا هەست بە هیچ هۆگرییەک ناکات ، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەسـت بە نارەحەتی ونائارامی دەکات . ئەم جۆرە شـوێنە بە تەواوەتی ڕۆمانی دیسـتۆپییان داپۆشـیوە و لەم شـوێنەدا مرۆڤ بە ناچاری دەژیت و هەموو کاتێکیش ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە . شوێنە ناهۆگرەکانیش بریتین لە : بەندیخانە ، بیابان ، نەخۆشخانە و ... زۆر شوێنی تر کە بە پێی سیاقی ڕووداوەکان دەگۆڕێن .

**- شوێنی ناهۆگر لە ڕۆمانی ( ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شەیتانەکاندا ) :** شوێنەکانی ئەم ڕۆمانە زۆربەیان بە لای کارەکتەری سـەرەکییەوە شـوێنی ناهۆگرن ، چونکە لەو شـوێنانە ئازار و دیلێتی و مردنی چەشـتووە ، بۆیە شـوێنە ناهۆگرەکانی ئەم ڕۆمانە چەندین گرێ دەروونی لای کارەکتەری سـەرەکی درووسـتکردووە . (دڵداری مەلەک خاتوون ) لە میانی فلاشباکەوە لە دیالۆگی نێوان خۆی وسەمرە دەگەڕێتەوە شەوە دیستۆپییەکەی دیلبوونی و پاشان فڕێدانی لە بیابانی ( نوگرە سـەلمان ) دا دەیگێڕێتەوە : (( سـەمرە .. هەر ئەو شـەوەی بیرهێنامەوە کە ئەنفالیان کردم و بەرەو نوگرە سەلمان ڕاپێچیان کردین و بە دیلیان گرتم ... لە ئۆتۆمبێلێکی ئیڤادا فڕێیاندام ، جلەکانم هەر هەمووی خوێن بوو ڕەنگی دیلێتی پێوە دیار بوو )) (ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شـەیتانەکاندا . ل١١٨). لێرەدا ( نوگرە سـەلمان ) بە درێژایی مێژووی کوردی شوێنی ناحەز بووە و دەبێت . هەر لە شوێنێکی تردا باسی ( نوگرە سەلمان و عەرعەر) دەکات وەکو دوو شوێنی نێشتەجێ بوونی جەلاد و شەیتانەکان ناویبردوون ، لە زاری ( دڵدار ی مەلەک خاتوون) ەوە هاتووە : (( بڕوا ناکەم هیچ کەس لە ئێوە ، شەوانی بیابانە شـەیتانێکەی نوگرە سـەلمان و عەرعەرتان دیبێت ، شـەو تارمایی تارماییەکان و ڕەنگی دێوزمەی ئەو سـاراتەتان دیبێت )) (ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شـەیتانەکاندا . ل١٧). نووسەر لێرەدا دەیەوێت پەیامە بە سۆکەی شەوی کارەساتەکەمان بۆ بگێڕێتەوە ، ئەو شەوەی دیسـتۆپیا ویژدانی مرۆڤەکانی داپۆشـیبوو و نەتەوەیەکیان لە ژێر ناوی جۆراو جۆردا زیندە بەچاڵکرد .

**٣ _ لە ڕوانگەی بەکارهێنانی شوێنەوە ، شوێن دابەش دەبێتە سەر :**

**أ – شـوێنی کراوە :** بریتییە لە شـوێنە دەرەکییەکان ، ئەو شـوێنانەی کە کراوەن و هەموو کەسێک دەتوانێت سوودیان لێی ببینێت و بە ڕووی هەموو کەسێکدا کراوەیە هەندێک لە شوێنە

کراوەکان موڵکی گشـتین وهەندێکیشـیان موڵکی تایبەتین وەکو : شـەقام ، گەڕەک ، کۆڵان ، پارک ، گوند ، شـار ، مزگەوت ....هتد . زۆر جار شـوێنی کراوە دەبێتە شـوێنی ئاشـنا بۆ کارەکتەرەکان چونکە (( مرۆڤ لە بەرانبەر شـوێنی کراوەدا هەسـت بە دڵنیایی و هێمنی و ئارامبوونەوە و حەسـانەوە دەکات و ئاشـنایەتی لە گەڵ پەیدا دەکات . بەمەش ئەو شـوێنە دەبێتە شـوێنێکی ئاشـنا لە دەروونی کەسـەکاندا و هەندێ جاریش هەسـت بە نامۆیی و نیگەرانی و دڵتەنگی و دوورەپەرێزی بەرانبەر بە هەندێ لەو شوێنانە دەکات ، ئەمەش دەبێتە هۆی بێزاری و ڕق و کینەیان بەرانبەر پەیدا دەکات و لە ئەنجامدا ئەو شـوێنە سروشـتی شـوێنێکی نائاشـنا وەردەگرێت ))(عەولا ، ٢٠١٥، ل٢٦٣) .کەواتە ئەم جۆرە شوێنە ئازادییەکی تەواو لە بەردەم کارەکتەردا فەراهەم دەکات .

**- شـوێنی کراوە لە ڕۆمانی ( ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شـەیتانەکاندا ) :** لەم ڕۆمانەدا ناوی چەندین شـوێنی کراوە هاتووە ، بەڵام هەموو شـوێنەکان ڕووداوی دیسـتۆپی و کارەساتی تێدا ئەنجامدراوە . (دڵدار ) چیرۆکی کارەساتی کۆچکردنی ماڵی ( ماهی کۆسـار) دەیگێڕێتەوە : (( تراکتۆرەکە دەنگی زنجیرە گەورەکانی دەرگای پشـتەوەی دەهات . بەدەم ڕێوە هەردوو قاچی دەلەرزی تا گەیشـتە سـەر کۆڵانەکە ، تراکتۆرەکە گەیشـتە سـەر ڕێگای سـەرەکی دەشـتایەکانی بەهاران )) ( ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شـەیتانەکاندا .ل٧٢) لێرەدا کۆڵان و دەشتایی هەردووکی شوێنی کراوەن . ئەو شوێنە دیستۆپییانەن بۆ هەتاهەتایە ( دڵدار وماهی ) لەیەککرد . لە شوێنێکی تردا بگێڕەوە دەیگێڕێتەوە : (( تراکتورەکان و زیلەکان بە کۆمەڵی سـەرنشـینی مردووەکانیانەوە گوزەریان دەکرد لە بیابانەکەدا بە شـپرزەیی هەڵیاندەڕشـتن !)) (ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شـەیتانەکاندا .ل٤٩) لێرەدا بیابان شوێنێکی دیستۆپی کراوەیە .

**ب - شـوێنی داخراو :** ئەو شـوێنانە دەگرێتەوە کە چوار چێوەیەکی سـنووردراریان هەیە و تایبەتن بە کەسـانێک و ناکرێت هەموو کەسـێک بە کاریان بێنێت وەکو : ( ژوور ، حەمام ، سـاڵۆن ، زیندان ، ئۆفیس ...هتد) . شـوێنی داخراو بە پێی باری دەروونی کەسـەکان دەگۆڕێت بۆ هەندێک کەس شـوێنی تێرامانە و بۆ هەندێکی تریش زیندانە . لە ڕۆمانی دیستۆپیدا شـوێنی داخراو زیاتر ڕەهەندێکی سـیاسـی کۆمەڵایەتی هەیە و زیندان ئاسـا دەرکەوتووە ، ئەمەش بە گۆشەنیگای ڕۆماننووس و ڕووداوەکانەوە بەندە .

**- شوێنی داخراو لە ڕۆمانی ( ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شەیتانەکاندا) :** لەم ڕۆمانەدا چەندین شـوێنی داخراوی دیسـتۆپی دەرکەوتووە ، وەکو : ( ژێر زەمینەکان ، مەیخانەکەی سـەمرە ، زیندانەکان ...هتد ). لە زاری (سـەمرە جبوری) موە هاتووە : ((شـەوێک لە بەردەم مەیخانەکەدا گوێم لە دەنگێک بوو دەیوت : ٣ ڕۆژە نانم نەخواردووە ، تکایە کەمێک نان وئاوم بەنێ . منیش بڕیارم دا لە مەیخانەکە بمێنێت ))( ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شەیتانەکاندا . ل٩٦). لەم تێکسـتەدا مەیخانە شـوێنێکی دیسـتۆپی داخراوە و هەر لەوێوە چیرۆکی ناسـینی سەمرە و دڵدار دەست پێدەکات . لە شوێنێکی تردا ئاماژە بە ژێرزەمینی بەعسێکان دەکات ، کە شوێنێکی دیستۆپی بووە بۆ دیلکراوانی کورد ، لەو شـوێنە ڕووبەڕووی هەموو توندوتیژییەک بوونەتەوە . دڵدار دەیگێڕێتەوە : (( ژێر زەمینی ئێسکەپەیکەرەکان قاوەخانەکەی ماهی تەواوی نهێنیکانی گەردونی لە خۆڵدا حەشـار دابوو ..... یەکێک لە ئێسـکەپەیکەرەکان بۆ ڕاگرتنی ڕوناکی ژێر زەمینەکە دەسـت وپەنجەکانی بە ئاسـمانەوە وشـک ببوون)) ( ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شـەیتانەکاندا . ل١٣٩) ( قاوەخانەکەی ماهی و ژمێرزەمین ) دوو شـوێنێکی دیستۆپی داخراون و هەڵگری ڕەهەندێکی دەروونی ترسناکن .

جگە لەم شوێنانەی باسمان کرد دوو جۆری تری شوێن لەم ڕۆمانەدا بوونیان هەیە :

**أ- شـوێنی جەسـتە :** مەبەسـت لێی ناوهێنانی بەشـێك لە ئەندامانی جەسـتەیە ، لە ڕۆمانی دیستۆپیدا شوێنی جەستە زیاتر لە وێنەی ئەشکەنجەدا دەرکەوتووە .

**- شوێنی جەستە لە ڕۆمانی ( ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شەیتانەکاندا ) :** لەم ڕۆمانە دیستۆپییەدا چەندین وێنەی دیستۆپی هاتووە ، کە تێدا ئازاری جەستەی کچان وکوڕانی کوردی تێدا دەدرێت . لە زاری ( دڵداری مەلەک خاتوون) موە هاتووە : (( ئەو بەیانییە بە چاوی خۆم بینیم ژنی پادشای یەکەمی سارات و حەجاج و موسلم کوردی لە بیابانەکە پیاسەیان دەکرد .. لە نێو پەراســـوی ئێســـکەپەیکەرەکانەوە هاتبونە دەرێ .. بە هەواو فیزەوە گۆچانەکەیان لە ناو کاسەسەر ونینۆک و قژی کەلەسەرەکان وەردەدا و ئەمجار بە شەق لە بەر پێی خۆیان لادەدا لە پێشی هەواو فیزی ئەوانیشەوە باڵدارێکی شین ئاسا بەبێ توک و پەرسەری خۆی لە خوار گرتبوو ،،، تەواوی شـــوێنی زاوزێی ژنی خەلیفەی جەلاد دیار بوو )) ( ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شـــەیتانەکاندا . ل١٤٣-١٤٤ ) . لێرەدا چەندین شـــوێنی جەســـتە دەرکەوتووە وەک ( چاو ، پەراسو ، کاسەسەر ، قژی کەلەسەر ، پێی ، نینۆک ، ئەندامی زاوزێی) ئەمانە هەموویان شوێنی جەستەن .

**ب- شوێنی سروشت :** واتە ناوهێنانی ئەو شوێنانەی تایبەتن بەسروشت ، ئەم جۆرە شوێنانەش لە ڕۆماندا زیاتر لە ڕستە وەسفییەکاندا خۆیان دەبیننەوە . ئەو ڕستە وەسفیانەی جگە لەوەی پشوو بە خوێنەر دەدەن ، لە هەمانکاتدا جوانیناسی گۆشەنیگای ڕۆماننووس وشیعرییەتی ئەو ڕستانەمان بۆ دەردەخات . ئەم شوێنەش بۆی هەیە شوێنی حەز یاخود ناحەز بێت بە پێی سیاقی دەقەکە . شوێنە سروشتییەکان وەکو : (باخ ،چیا ،دەریا ،ئاسمان ، رووبار ....هتد).

**- شـــوێنی ســـروشـــت لە ڕۆمانی ( ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شـــەیتانەکاندا ) :** لەم ڕۆمانەدا لە میانی دیالۆگەکاندا ئاماژە بە چەند شـــوێنێکی ســـروشـــتی دراوە ، کە لە حەقیقەتی سروشتی لایانداوە و بوونەتە بەشێک لە شوێنی سروشتی دیستۆپی و هەڵگری دەیان شەوی نەهامەتین . لە زاری ( دڵداری مەلەک خاتوون) موە هاتووە : (( تا دەهات ئەو شـەوە ئاسـمان تاریکتر دەبوو ، هەڵمی لێڵ پەنجەرەی هەموو ماڵێکی داپۆشیبوو .... دەنگی پێی باران دەتوت لەشـــکری مێرولەگەورەکانن ، بە نێو کۆڵان وجۆگەلە و ســـەربانی خانوەقوڕەکان کەوتون تا دەچووە ناو ڕووبارەکە نەدەوەســتا . بە جۆرێک وا هەســتت دەکرد ئاوایی ڕێواســان ئێســتا نا تۆزێکی تر تۆف و ڕەهێڵە وباران هەموو ماڵەکان بەرەو ڕوبارەکە ڕاپێچ دەکات)) (ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شەیتانەکاندا . ل٦١). لێرەدا ( ئاسمان و ڕووبار ) دوو بەشی گەورەی ســـروشـــتن و شـــوێنی حەز و جوانین ، بەڵام بە پێی ڕووداو و کات و ســـیاقی ئەو دەقە وەکو دژەشوێن دەرکەوتوون .

**ئەنجام**

١- دیستۆپیا وەکو شـوێنی دژ وناحەز ، شـوێنی گەندەڵی و نەهامەتییەکان لە ئەدەبیاتی جیهاندا سەری هەڵدا و پاشان هاتە نێو ئەدەبیاتی گەلان و ئەدەبیاتی کوردیش . لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە گشتی و لە ڕۆماندا بە تایبەتی ڕەنگدانەوەی هەیە . ئەم چەمکە لە شوێنەوە بۆ تەواوی خەسڵەتە خراپەکانی مرۆڤایەتی گوێزرایەوە . واتا ئێستا کەسێتی و شوێن و کات و ڕووداوی دیستۆپیش بوونی هەیە .

٢- شـــوێن یەکێکە لەو توخمانەی بەشـــداری لە پانتایی دەقدا دەکات و لە کۆنەوە لە لای فەیلەســـوفان و ڕەخنەگران جێگەی تێڕامان و توێژینەوەکانیان بووە . ئەمەش لە بەر زۆری ڕەهەندەکانی شوێنە ، کە دەکرێت لە زۆر ڕووە سەیر بکرێت و مەدلولی جیاوازی هەبێت .

٣- لە ڕۆمانی ( ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شەیتانەکاندا ) کە تایبە بە چیرۆکی دیستۆپی ئەنفال . شـوێنەکان زۆربەیان شـوێنی دیسـتۆپی ڕیالیزمین و بەشـێکن لە شـوێنەکانی مێژووی نەهامەتی و تراژیدیایی گەلی کورد ، بۆیە لەم ڕۆمانەدا شوێنەکان بە یادەوەرییە ناخۆشەکانەوە پەیوەســـتن و لە بەرانبەردا تەنیا ناوی دووی شـــوێنی حەز هاتوون : ئەویش ماڵی یەکەم و یادەوەرییەکانە ( گوندەکەی خۆیان ڕێواسان) .

٤- شوێنی سروشت و شوێنی جەستە و شوێنی کراوە و داخراو ، بەشێکی گرنگی ئەم ڕۆمانە پێکدێنن و هەموویان ئەو پانتاییانەن ڕۆڵیان لە درووســـت بوونی دیســـتۆپیایی دەروونی ئەو کۆمەڵگەیەدا هەیە .

## سەرچاوەکان :

### _ بە زمانی عەرەبی :


١- سارجنت ، لايمان تاور(ب.س). اليوتوبيه . الطبعة الاولى. مؤسسة الهنداوي للتعليم والثقافة . مصر
٢- مراد ، على ( ٢٠٢١) . دستوبيا . الطبعة الاولى . دار الدجلة الاكاديمية . بغداد
٣- اورويل ، جورج(٢٠١٣). ١٩٨٤ . الطبعة الثالثة. المركز الثقافي العربي . دارالبيضاء- المغرب
٤- عزيزي ، وفيق (ب.س) . شوبنهاور وفلسفة التشاؤم . الطبعة الاولى . دار الفأرابي .بيروت
٥- باومان و دونسكيس ، زيجمونت و ليونيداس(٢٠١٨) . الشـر السـائل العيش مع اللابديل. الطبعة الاولى . المملكة العربية للأبحاث والنشر ، بيروت
٦- العاني ، شـجاع ( ٢٠٠٠) . البناء الفني في الرواية العربية في العراق ، الجزء الثاني . مطبعة دار الشـؤون الثقافية العامة . بغداد .
٧- باشلار ، غاستون (١٩٨٠) . جماليات المكان ،ترجمة . مطبعة وزارة الثقافة والاعلام ، بغداد
٨- النصـير ، ياسـين (٢٠١٠) . الرواية والمكان دراسـة مكان الروائي . الطبعة الثانية. مطبعة دار نينوى . سوريا
٩- شـتا العشـري ، سلمى ( ٢٠٢٠) . "حول مفهوم اليوتوبيا والديستوبيا كمدخل للأستلهام في فن التصـوير" ، مجلة كلية التربية الفنية ، جامعة حلوان ، المجلد( ٢١) . العدد( ١ ) : ص٢٨١ .
١٠- العتيبي ، مرزوق (ب.س ) "أدب المدينة الفاسدة" www . makkah news paper. Com
١١- عـواد ، علـي (٢٠٢١) "الـديسـتـوبـيـا في الأدب والمسـرح عـالـم من القـمع والرعـب" . https://alarab.co.uk


### -سەرچاوەکان بە زمانی کوردی :


١٢ - ســاڵح ، تانیا ( ٢٠١١) . بینای شــوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە ، ئەژدیها) ، چاپی یەکەم ، چاپ وپەخشی سەردەم ، سلێمانی
١٣- سۆران ، حسێن ( ٢٠١٩) . ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شـەیتانەکاندا . چاپی یەکەم .چاپخانەی : نقش رنگ خجستگان
١٤- شــەریف ، ئازاد ( ٢٠٠٩) . "دیســتۆپیا لە چیرۆکی (زیندووی مردوو)ی محەرەم محەمەد ئەمین" ، گۆڤاری نەوشەفەق ، ژمارە (٧١) ، کەرکوک : ل١١
١٥- عەولا ، عەبدوڵلا ( ٢٠١٥ ) . "ڕەهەندەکانی شـوێن لە شـیعرەکانی ( بێدڵ ) دا" ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە (٣٢) ، هەولێر : ل٢٦٣.


*جۆن ستیۆرات مێل:(John stuart mill )(١٨٠٦-١٨٧٣)فەیلەسووف وئابووریناسێکی بەریتانییە خاوەنی لۆژیک وفەلســەفەیەکی تایبەت بووە،یەکێک بووە لە ڕابەرانی فەلســەفەی لیبرالی وبانگەشــەکارێکی ڕێبازی سـوودگەرایی بووە،زۆر جەختی لە سـەر ئازادی ڕادەبڕین کردۆتەوە تەنانەت یەک کەسـیش بێت لە بەرامبەر دەســەڵات،زۆر کاریگەر بووە بە (کۆڵرێدج )ی شـــاعیر و(ئۆگۆســـت کۆنت)ی فەیلەســـووفی ئەڵمانی لە بەرهەمەکـانی :(ســـەبـارەت بە ئـازادی ، بنەمـاکـانی لیبرالیزمی ســـیـاســـی، ســـیســـتەمی لۆژیـک ..هتد)بڕوانە:https://m.marefa.org


16- nourissier ,François (1997). dicitionnairedes genres et notion litteraires . albin Michel . paris .
17- ruth, Levitas (1999) .the concept of utopia Syracuse university .
18-Ixford University press .2017 .
19- Encyclopedia Britannica .(https :// www. Britannica.com\ biography \ George – orwell).